# چونکە خۆشتویستم

**شیعری فۆلکلۆر (لیریک)**
**لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان خەیات**

چونکە زۆر جاران پشتیوانم بووی
لەبەر ئەو ڕاستییانەی خستووتنە بەر چاوم
لەبەر ئەو خۆشییەی بەخشیت بە ژیانم
لەبەر ئەو هەڵانەی ڕاستت کردنەوە
لەبەر ئەو خەونانەی کردووتنە ڕاستی
چونکە ئەڤینم لە تۆ دۆزییەوە
من هەتا هەتایێ سوپاسگوزارم
ڕۆڵە!
تۆ ئەو کەسە بووی هەردەم ڕاتگرتم
هەرگیز و هەرگیز نەتهێشت بکەوم
تۆ ئەو کەسە بووی لەبەر چاوت بووم
تۆ هێزی من بووی کاتێ لاواز بووم
تۆ دەنگی من بووی کاتێ بێ دەنگ بووم
تۆ بینایی چاوم بووی وەک نابینا بووم
تۆ گشت جوانیت لەمندا بینی
تۆ هەڵتگرتم کاتێ نەگەیشتم
تۆ ئەو کەسە بووی متمانەت پێدام
چونکە لەو باوەڕە بووی هەموو شتێکم
چونکە خۆشتویستم
تۆ باڵت پێدام و من توانیم بفڕم
تۆ دەستت گرتم و بردمتە ئاسمان
من بڕوام دۆڕاند تۆ گەڕاندتەوە
گوتت ئەستێرە دوورەدەست نییە
تۆ لەگەڵم بووی منیش قیت وەستام
من ئەڤینی تۆم لا گشت شتێکە
دەشێ لەو شتەیش هێندە نەزانم
بەڵام دڵنیام لەوەی دەیزانم
من بەختەوەر بووم دڵداری من بووی
تۆ هەمیشە گشت هێزی من بووی
چونکە تۆ هەردەم لەگەڵمدا بووی
ئەو شنە بایەی کە منی هەڵگرت
تۆ هەمیشە ئەو چرایەی من بووی
ڕووناکی تۆ بوو بۆ ناو ژیانم
هەروەها تۆ نیگابەخشم بووی
بۆیە جیهانم باشترین شوێنە
چونکە هەمیشە تۆ هێزی من بووی...



**سەرچاوە: کتێبی**
**Beyond TRUE STORIES by Sandra Heyer**
**Longman com. 2003**